# تەندروستی کەرکوك تەماركردنی دوو حاڵەتی نوێی تای خوێنبەربون ڕادەگەیەنێت




تەندروستی کەرکوك ئەمڕۆ هەینی تەماركردنی دو حاڵەتی نوێی تای خوێنبەربونی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی یەکەم حاڵەتی مردنی لە پارێزگاکە لەماوەدا پشتڕاستكرایەوە.

سەرچاوەیەك لە تەندروستی کەرکوك رایگەیاند، دو توشبوی نوێ لە نەخۆشخانەکەیان تەماركراون کە یەکێکیان دانیشتوی گوندێکە و ئەوی دیکەشیان فەرمانبەرێکیکی حکومەتە، هەردوکیان دوای پشتڕاستكردنەوەی توشبونەکانیان گواستراونەوە بۆ سەنتەری تایبەتمەند بۆ چارەسەركردن.

ئاماژەی بەوەشكرد، تا ئێستا هەردو توشبوەکە لە نەخۆشخانەن، لەوێ چاودێری باری تەندروستیان دەکرێت و ڕۆگری لە کەسوکاریان دەکرێت بەرکەوتنیان لەگەڵ توشبوەکاندا هەبێت.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشكرد، تیمەکانی تەندروستییەکان دەستیانكردوە بە گرتنەبەری ڕۆوشوێنی پێویست بۆ بەدواداچونی ئەو کەسانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ نەخۆشەکاندا هەیە و هەمەتی هۆشیاری خڕاپارێزی لەو ناوچەیەی کە توشبونەکەی تێدا دەستنیشانكراوە

جبه جده که ن .